

# ئوسامەی کوری لادن
# زەرقاوی بە کوشت دا

**فــەهــد گـــردەوانی**

زەرقاوی{1966/10/20 ــ 2006/6/7} کوژرا ..ئەوانەی لە خەون و خەیاڵدا بە مێشکی ژەنگاویان دەژیان و رۆژانە بوقیان بۆ ئەو ئەمیرە لێدەدا ئەوە بینیان ئیمارەتی زەرقاوی لە عێراق روخا...





سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری المالکی و باڵیوزی ئەمریکا لە عێراق زلمای خەلیل زاد و سەرۆکی لەشکری ئەمریکی لە عێراق جۆرج کایسی ، ئەمڕۆ لە بەغدا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری هەواڵی کوشتنی زەرقاویان راگەیاند و کەیفخۆشی خۆیان نیشان دا ، هەواڵەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر بوو لەناو هۆڵەکە رۆژنامەنووسەکانیش دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان...ابو مصعب الزرقاوی ناوی [احمد فضیل نزال الخلایله] و لەساڵی 1966 لە ئوردن لەدایک بووە و هەر تەنها هەتا دووی ناوەندی خوێندوویەتی و لەبەر کاری خراپ قوتابخانەی تەواو نەکرد و چەند جارەک بەند کراوە و میوانی بەندیخانە بووە...دوو ژنی هەیە و خاوەن چوار منداڵە{ئامینە تەمەن 14ساڵ...روضە تەمەن 11ساڵ ... محەمەد تەمەن 9ساڵ...مصعب تەمەن 7ساڵ}.پاشان چووە بۆ ئەفگانستان و دوای تێکشانی ئیمارەتی تالیبان لە رێگای ئێران و بە هاوکاری انصاراسلام لە کوردستانەوە گەیشتە دەوروبەری بەغدا و وەکو بەکرێگیراوەکی رژێمی صەدامی فاشیست کاری دەکرد لە دژی لەشکری ئەمریکا و هاوپەیمانان ،پاشان دەستی خۆی پیس کرد بە کوشتنی نوێنەری کۆفی ئەنان و محەمەد باقر حەکیم و تەقاندنەوەی بالیوزخانەی ئوردن و سەربڕینی دیل و رفێندراوان و کوشتنی ژن و منداڵی شیعە و کورد و سونە و مەسیحی لەژێر ئالأی [الله اکبر]..هەر ئەو بووە هۆی ئەوەی شەڕی شیعە و سونە و کورد هەڵبگیرسێنی و هەر {عومەرێک} بکوژرابایە دەبوایە {عەلیەک} بکوژرێ و بە فەتوای ئەو خاوەن شەهادەی دووی ناوەندی یە کوردیش لە ئایینی ئیسلام شورابۆ وەو بە جاشی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەقەڵەم دەدرا و کوشتنیان حەلاڵ کرابوو..گەلێک رۆژنامەنووسی خۆ بە موسڵمان زانین و عروبچی ئەو نەخوێندەوارەیان بە {{شێخ}}لە قەڵەم دەدا..ئەوە ئێستاکە زەرقاوی بۆخۆی لەگەڵ 72 حۆری بەهەشت دانیشتووە و بە رەشاشەکەی دەستی کە پێش ماوەیەک بۆ دوا فلیمی خۆی تۆماری کرد بوو باسی سەرکەوتن و دەرکردنی لەشکری ئەمریکیان بۆ دەکات ، هەر بۆیە ئەمڕۆ کابرایەک

گوایه جێگری زەرقاوی یە بەناوی [ابو عبدالرحمن العراقی] هاواری لێهەستایە و گووتی{ان ما اصابنا کرامه لک یا امتی وان الفتح باذن الله قریب} ئەو ئۆمەتەی زەرقاوی نەیویست هیچیتر ببپارێزی و مەرگی ژن و منداڵ بکاتە خۆراکی ئایینی ئیسلام کە ئیسلام لەمانە بەریە و هیچ رەوشت و ئاکاری دینی ئیسلامیان نیە بە کوشتن و سەربرینی ئەو خەڵکە بێتاوانە ، جا چۆن بە قسەی باوکی رەحمان دەکات و خاوەنی گەورەترین زلهێزی جیهان دەروخێنی کە باوکی رەحمان و ئەیمەن زەواهیری و ئوسامەی کوڕی لادن لەناو ئەشکەوت و کونە جورجانیش ناوێرن شەوێک بە ئیسراحەت بخەون . سەدامی دیکتاتۆریش لەبەرچاوی کامیرای جیهان هاواری دەکرد هەموو عێراقییەکم لەپشتە کەچی لەناوچەی خۆی و لەناوکەسوکاری خۆی دەستگیرکرا و لەناو کونەجورجان هێنرایە دەرەوە...زەرقاویش لە نەجەفی شیعە و هەولێری کوردستان دەستگیر نەکرا و نەکوژرا بەڵکو لەناو ئەو سونانە کوژرا کە رۆژانە زەرقاوی بوقی بۆ لیدەدان و ببووە جێگای حەوانەوەی پیاوانی رژێمەخوێڕییەکەی بەعس . ئەمانەی کاری تێرۆیستی دەکەن و کردویانە بە پیشە تەمەنیان لەتەمەنی مشک کەمترە چونکە هیچ پەیام و رێباز و پەیرەویان پێ نیە تەنها تۆقاندنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و کوشتنی ژن و منداڵ و پیر . ئەمانەش بۆ مرۆڤی موسڵمان و بۆ خەڵکی ئیسلام جیگای گومانە...دوێنی لە گوندی [هبهب]لە نزیک شاری {بەعقوبە} هێزەکانی ئەمریکا بە فرۆکە زەرقاویان لەگەڵ حەوت کەسی تر کوشت و لەشکری عێراقیش بەشداری ئەو چالاکیەیان کرد ...ئەمریکا 25 ملیون دۆلاری ئەمریکی کردبووە خەڵاتی کەلەشی زەرقاوی ، دیارە چەند رۆژە خرابووە بەرچاوی سیخورەکان و ئاگاداری جولانەوەی بوون و پاشان دەستنیشانی ئەو ماڵەشکرا کە کۆبونەوەیان تێدا ئەنجام دەدا. زەرقاوی مانگێک لەمەوبەر لەچەشنی رامبۆ ڤیدۆفلیمی بڵاوکردەوە و ئەو تەلیسمەی شکاند کەناوی ئەفسانەی زەرقاوی بوو . گەلێک نووسەری فشەکەری عارەبی و عێراقی باسی ئەو ئەفسانەیان دەکرد و دەیانگووت زەرقاوی نیە تەنها حیکایەتی ئەمریکایە ، هەرکە بەخۆیی و جلی رەش و رەشاش بەدەر کەوت و ئوسامەی کوڕی لادن کردیە ئەندامی شورای [القاعیده]و ئەمیری [بلاد الرافدین] بە کوشتی دا و زیاتر لەخۆ بایی بوو بۆ ئەوەی لە ئەیمەن زەواهیری و شێخەکەی زیاتر ناوداربێت و شەڕی شیعە و کوردی راگەیاند ،هەتا سەری بە بەردی {لحد}کەوت و گەیشتە قافڵەی ئەوانەی بەناوی دین و ئایین خەڵکی بێدەسەڵات لەناو دەبەن و خەون بەو حۆریانە دەبینن کە بەچاوی خۆیان نایبینن...یەکێک لە تاوانبارەکانی دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کوژرا .

2006/6/8ستۆکهۆڵم